

# بۆ تەنیایی...

هۆشەنگ شێخ محەمەد

تۆ زۆر جوان نیت..

خوێن شیرین نیت

من بۆیە عاشقتم

چونکە تۆش وەک من تەنیایت..،

* * *

من کێشەم لەگەڵ تۆ و خوا و وەرز و ساڵەکاندا نیە..،

کێشەی من تەنیا تۆی .. تەنیایی

* * *



من گۆرانی ئەڵێم و تەنهام..

شیعر ئەنووسم و تەنهام..

سەفەر ئەکەم و تەنهام..

من تەنهام .. من تەنهام.. وەک تۆ تەنها..

* * *

نە شوێنەکان .. نەکاتەکان..،

دەربازیان نەکردم لە تەنیایی

* * *

ئازادیش لە تەنهاییدا .. مردنە..،

* * *

بلا بێ رۆشنایی و شەوق بم

بێ کتێب و خوێندنەوە بم..،

لێ .. تەنها نەبم .. تەنها نەبم..،

* * *

عەشق .. هەوڵێکە بۆ دەربازبوون لە تەنهایی



نووسین .. سەفەرێکە بۆ خەلاس بوون لە تەنیایی

هەرچی ئەیکەم .. لە خۆکوشتن و کۆچکردن و عیبادەت

بۆ قورتاربوونە لە تەنیایی

* * *

هەندە تەنیام قەت ناگەمەوە تۆ..

هەندە تەنیام .. هەرگیز ناگەمەوە خۆ..

* * *

باخچەکان و شەقامەکان.. هەمیشە

وەک شەوەکانی ئەنفال.. باخچەکانی بارانی سێو

وەک من و ماڵەکەم .. غەرقن لە تەنیایی..

* * *

خیانەتی تۆ نەیکوشتم..

شتێک کە من ئەکوژێت.. تەنیاییە.

* * *

ئەتوانم زۆر شتت لێبشارمەوە..

تەنها .. تەنیاییم نەبێت

* * *

زۆر کەس .. زۆر شت نەیانتوانی داگیرم کەن..

لێ تەنهایی.. سووک و سانا زەوتی کردم..

* * *



تەنهایی خودایەکی بێڕەحمە

هەقی هیچ شتێکت بۆ ناستێنێ..

* * *

من و تۆ و تەنهایی .. ئاوێتەین

* * *

تەنهایی سەفەرێکە بێ کۆتا

گەمەیەکە بێ بڕانەوە..

* * *

تەنهایی ، شەرم لەگەل ئەکات..

عەشقم لەگەل ئەگۆڕێتەوە..

بەلاَم جوودابوونەوە نزانێت..



* * *

تەنهایی، کتێبێکە ..شوێنێك نیە لێی دەستپێبکەیت..

یان بگیرسیێتەوە..،

* * *

من لە پیری هەڵنایێم..

لە مردن هەڵنایێم..

لە تەنهایی رائەکەم..



* * *

لەم لەحزەیەدا نەماچێکی دیکە

نە نووستنێکی قولْ ..

تەنیا مردن لەم تەنهاییە دەربازم ئەکا..

* * *

ئەگەر من شەڕێکم هەبێت، ئەوا لەگەل تەنیاییە.

* * *

سەیرە کە ئێوە هەست ناکەن تەنیان..؟

* * *

من تەنیاییم داوەت نەکرد ، ئەو خۆی هات

* * *

پردێك نەبوو لە پەڕینەوەییدا .. نەمباتە سەر تەنیایی

* * *

تەنیایی لێرەدا هەڵیقەنیم و هەر تەنیاییش هێنامییەوە.

* * *

لەپەنجەرەکەمەوە تەماشای ئەو دیو ئەکەم ..تەنیایی ئەبینم

* * *